السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەی ئەبو بەکر، چی گومانێکت هەیە سەبارەت بە دوو کەسڵخودا سێ هەمیانە

لە ئەبی بەکری سدیقەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «سەیری پێیەکانی موشریکەکانم کرد کاتێک لە نێو ئەشکەوتەکدا بووین وئەوان لە سەرەوەی ئێمە بوون، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر یەکێکیان سەیری پێیەکانی بکات ئەوا دەمانبینێت، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەی ئەبو بەکر، چی گومانێکت هەیە سەبارەت بە دوو کەسڵخودا سێ هەمیانە».
[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێشەوای ئیمانداران ئەبو بەکری سدیق -ڕەزای خوای لێبێت- سەبارەت بە کاتی هیجرەتییان لەگەڵ سەروەرماندا دەڵێت: سەیری پێیەکانی موشریکەکانم کرد کاتێک وەستا بوون لە سەرەوەمان لە سەر ئەشکەوتی (ثور) وئێمە لە نێویدا بووین، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر یەکێکیان سەیری پێیەکانی بکات ئەوا دەمانبینێت، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەی ئەبو بەکر، چی گومانێکت هەیە سەبارەت بە دوو کەس خودا سێ هەمیانە بە سەرخستن ویارمەتیدان وپاراستن وڕێنموێنیکردنیان؟!

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3447

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee